# شێوەکانی نوستالژیا لە شیعرەکانی پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیابدا

**حەسەن سەرباز** [I]

ماموستای یاریدەدەری زمان و وێژەی عەرەبی، زانکۆی کوردستان سنە

ئەندامی لیژنەی زانستیی توێژینگەی کوردستانناسی

**سەیوان محەمەد تاهێر بینابی** [II]

خوێندکاری دوکتۆری زمان و وێژەی فارسی، زانکۆی کوردستان

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ۲۰ اردیبهشت ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۱۷ مرداد ۱۳۹۸؛ صص ۲۰۷-۲۲۹

## چکیده

اوضاع سیاسی و اجتماعی عراق در زمان جنگ جهانی دوم بسیار آشفته بود و این کشور از پیامدهای این جنگ و اشغالگری انگلیسی‌ها در امان نمانده بود. در چنین فضایی تضارب افکار و اندیشه‌ها و کشمکش‌های سیاسی و اجتماعی گسترش پیدا کرد و در نتیجه‌ی چنین فضایی مکاتب ادبی متعددی همچون رمانتیسم، رئالیسم، سمبولیسم در عرصه‌ی ادبیات پیدا شدند و مردم از نظر روحی و روانی تحت تأثیر این شرایط قرار گرفتند. پیره‌میرد و سیاب نیز در چنین شرایطی زندگی می‌کردند. آنان برای این که خود را از این اوضاع نابسامان روحی و روانی نجات دهند، تلاش کردند که با بازگشت به گذشته به آرامش درونی برسند و این امر به خوبی در شعر آنان منعکس شده است که از آن به شعر نوستالژی یاد می‌شود. در واقع شعر نوستالژیک، یک فرایند ادبی است که در آن شاعران تلاش می‌کنند خود را از وضعیت نابسامان موجود نجات دهند و به گذشته‌ی خود پناه ببرند تا آرامش روحی و روانی را به دست آورند. در این پژوهش تلاش شده است که با استفاده از روش توصیفی ـ تحلیلی به بررسی تطبیقی نوستالژی در شعر پیره میرد شاعر برجسته‌ی کرد و بدر شاکر السیاب شاعر نوگرای عراقی پرداخته شود.

**واژگان کلیدی:** نوستالژی، انواع نوستالژی، پیره‌میرد، بدر شاکر السیاب

## کورتە

بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا بەجۆرێك بوو کە ئاڵۆزی تەواوی بەخۆیەوە دیتبوو، لەساڵانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم، عێراق بەگشتی بێبەش نەبوو لەو جەنگە و داگیرکاری بەریتانییەکان لە ساڵی ١٩٤١ی زایینی عێراقی داگیرکرد. عەقلییەتی کۆن و تازە کێشمەکێشی زۆریان تیکەوتبوو، لە ڕووی ئەدەبیاتیشەوە هەمان کێشە دروست ببوو، ڕێبازی ئەدەبی تازە هاتبوە ناوەوە وەك رۆمانسیزم و ریالیزم و سمبولیزم هەموو ئەمانە بارودۆخێکی تازەیان لەسەر باری دەروونی خەڵکی دروست کردبوو. «پیرەمێرد و سەیاب»یش لەو سەردەمەدا ژیاون، هەرچەندە نێوانی تەمەنیان زۆر بووە، بەڵام کاریگەرییەکە لەسەریان زۆر بووە، بۆ ئەوەی لەو بارودۆخە رزگاریان بێت و دەروونیان ئاسودە بکەن، لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە هەوڵی گەڕانەوەیان بۆ ڕابردوو داوە، باشترین ڕێگەش بۆ رزگار بوون لەو بارودۆخە شیعری نوستالیژی بووە. کەواتە شیعری نوستالیژی دیاردەیەکی ئەدەبییە کە شاعیران پەنایان بۆ بردووە و کردویانەتە ویستگەیەك تا بتوانن لە ژیانی هەنووکەییاندا رزگاریان بێت و بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوویان لە ڕووی دەروونییەوە ئاسودەیی بەدەست بهێنن. لێرەدا هەوڵمان داوە نوستالژیا لە ڕووی مێژوویی و زاراوە و نوستالژیا لە کۆن و تازەدا روون بکەینەوە و بە شێوازێکی بەراوردکارانە ئەم چەمکە لە شیعری پیرەمێرد و سەیابدا شرۆڤە بکەین.

**وشە سەرەکییەکان:** نوستالژیا، شێوەکانی نوستالژیا، پیرەمێرد، سەیاب

---

[I] h.sarbaz@uok.ac.ir

[II] saewan.mt@gmail.com

## ۱- پێشەکی

نوستالژیا بوونێکی کۆنی لە نێو شیعردا هەیە، کە ئێش و ئازار و مەینەتی و دووریی وڵات و زێدی لە دایك بوون دەخاتە روو. شیعری نوستالیژی هەستی راستەقینەی مرۆڤەکان دەخاتە روو، زیاتریش ئەمە بە شیعرەوە پەیوەستە، چونکە شیعر لە هەستی مرۆڤەکانەوە زیاتر نزیکترە و کاریگەری زووتر و زیاتری هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان و بەشێکە لە هەست و ویژدانیان. بوونی ئەم جۆرە شیعرەش لە نێو ئەدەبیاتی عێراقی بەگشتی و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە کە تێیدا بوون و تووشی هاتبون لە دەربەدەری و نائارامیی سیاسی و کۆمەڵایەتی؛ کەواتە کۆچی شاعیران و ئەدیبان بۆ دەرەوە بە هۆکاری جۆراوجۆر و دووریيان لە وڵات و زێدی خۆیان هۆکاری دروستبوونی ئەم جۆرە شیعرەیە کە لە نێو بەرهەمەکانیاندا رەنگی داوەتەوە. کەواتە نوستالژیا گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، بۆ ژیاری کۆن و بۆ سەردەمی منالّی. هەموو ئەمانەش هۆکاری نائومیدیە لە ژیان و لە نێو چوونی سەروەری و فەرهەنگی مێژوویی و ژیاریی ئەو نەتەوەیەیە، هەموو ئەمانەش هۆکارن بۆ دروستبوونی شیعری نوستالیژی لە ئەدەبدا بەگشتی و لە شیعردا بەتایبەتی.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش تیشك خستنە سەر شیعری نوستالیژییە لە ئەدەبی کوردی و عەرەبیدا بە نمونەی شیعری پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیاب دا. لێکۆڵینەوەکەمان خۆی لە دوو بەشی سەرەکی دەبینێتەوە، کە لە بەشی یەکەمدا نوستالژیامان لە ڕووی چەمك و زاراوەوە باس کردووە، دواتر لە بەشی دووەمدا شێوەکانی نوستالژیامان لە شیعرەکانی پیرەمێرد و سەیابدا شی کردووتەوە، لە کۆتاییدا ئەنجام و سەرچاوەکانمان خستۆتە ڕوو.

## ۲ـ پێشینەی توێژینەوە

سەبارەت بە پێشینەی توێژینەوە، ئەم کارەی ئێمە یەکەم کاری بەراوردکارانە لە نێوان دوو شاعیری نوێخوازی کوردی و عەرەبی لە ڕووی نوستالژیایەوە، ئەو لیکۆڵینەوانەی کە لەسەر شیعرەکانی پیرەمێرد ئەنجام دراون هیچیان باسی لە دیاردەی نوستالژیا لە شیعرەکانی پیرەمێردا نەکردووە، بۆ شیعرەکانی بەدر شاکر سەیابیش لیکۆڵینەوەی هەمەجۆر کراوە، ئەوی لەسەر نوستالژیا کرابێت بە ناونیشانی الاغتراب یا خود اشکال الحنین لە شیعرەکانی سەیاب ئەنجام دراوە، وەک «الاغتراب فی شعر بدر شاکر السیاب، احمد شقیرات، ۱۹۸۷» و «اشکال الحنین الی الماضی فی شعر بدر شاکر السیاب»، مجله دراسات فی اللغه العربیه، العدد ۱۱، ۲۰۱۲م.

### ٣- نوستالژیا لە ڕووی چەمك و زاراوەوە

دیاردەی نوستالژیا بۆتە جێگای بایەخی زۆرێك لە لێكۆڵەرانی ئەدەبی، ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە، کە خۆی لە نێو زۆربەی شێوازەکانی ژیاندا دۆزیوەتەوە، بۆیە واتاکانی نوستالژیا بە پێی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. نوستالژیا ڕەگ و ڕیشەی بۆ ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە کە ئاماژەیە بەو ئازارەی کە نەخۆش لە ئەنجامی حەزی بە گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو دەیچێژت، یا خوود ترسی لەوەی کە هەرگیز جارێکی تر بۆی نەگەڕێتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بنەڕەتی زاراوەکە، ئەوا لە بنەڕەتدا بۆ زاراوەی (Alienation)ی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای حەواڵەکردنی ماڵی کەسێك بۆ کەسێکی ترە بە زۆرەملێ (شاخت،١٩٨٠: ٦٣)، وشەی نوستالژیا وشەیەکی فرەنسیە[1] کە بە واتای گەڕانەوە بو ماڵ دێت و بەشی دووەمی وشەکەش «ALGIA» بە واتای دایك یا بیرکردنی گەڕانەوە بو ڕابردوو دێت (نفیسی، ١٣٧٥:ج ٣: ٢٤٨).

لە زمانی عەرەبیدا وشەی «الاغتراب» کە لە ڕیشەی «الغربە» یە بە واتای نوستالژیا دێت، ئەمەش بە واتای «ڕۆیشتنی لە جێگایەك یان نیشتمان دێت چ بە ئارەزوو یا خود زۆرە ملێ» (ابن منظور، ١٩٨٨: ٤٠)، هەروەها لە بەشێك لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا زاراوەی نامویی «الغربە» هاتووە کە بە واتای دابڕان لە نیشتمان و ڕوشتن و دابڕان لە خەڵکی و شکاندنی نەفسیەتە. «دەڵێن نامویی فلانەکەس ئەوەیە کە زەواج لەگەڵ بیگانەدا بکات» (ابن منظور، ١٩٨٨م: ٣١\١٠)، یا خود بە واتای «حەسرەتی ڕابردوو، خەمی غوربەت» (باطنی،١٣٨٠: ٥٧٢)، یا خود بە واتای «لێك جودایی، دەردی دابڕان، هەستی غەریبی، حەسرەتی ڕابردوو و ... دیت» (آریان پور، ١٣٨٠: ٣٥٣٩). بەڵام لە زمانی کوردیدا جگە لەوە، نوستالژیا بە واتای نامۆییش هاتووە، کە «بریتییە لەوەی مرۆڤ لە ژینگەیەکەوە هەڵکەندرێت بۆ ژینگەیەکی تر» (سەرکەوت قادر، ٢٠١٠: ٢٠). لێرەدا شوێن کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر دروستبوونی نوستالژیا هەیە، کە دواتر کاریگەری دەخاتە سەر تاکەکان. لە کورتترین حاڵەتیشدا نوستالژیا بە واتای گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو و ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان و یادەوەرییەکانی ڕابردوویان.

لە ڕوانگەی فەلسەفیشەوە نوستالژیا بە واتای بێبەشبوونی مرۆڤە لە ماڤە سروشتی و یاساییەکانی، ئەفلاتونیش بە هۆی ئەوەی کە لە ڕەوشت و سەردەم و کۆمەڵگەکەی نامۆ بوو، بانگەشەی دامەزراندنی کۆمارێکی نموونەیی کرد، کە فەیلەسوفەکان حوکمی تێدا بکەن و یەکسانی تێدا بەر قەرار بێت، بەڵام ئەفلاتون مەبەستی لە "نوستالژیا- نامۆبوون" ئەوە بوو کە مرۆڤ لە جیهانی نموونەیی دوورکەوێتەوە و لە جیهانی خوارەوە بە بێ ویستی خۆی بژیت. لەگەڵ سەرهەڵدانی رینسانس لە ئەوروپا دیاردەی نوستالژیا بە ئاشکرا دەرکەوت، لەوانەش بەلای

[1] NOSTOS.

دیکارتەوە نامۆبوون بریتییە لە نامۆبوونی مرۆڤ لە خودی خۆی. بەلای ئەمەوە نوستالژیا بە سێ جۆر دەردەکەویت، کە بە "کۆجیتۆی دیکارت" ناسراوە، ئەوانیش بریتین لە:

۱- کۆجیتۆی دیکارتی: کە من لە خود نامۆ دەبێت؛
۲- نوستالژیای ئەنتۆلۆجی: هەڵچوونەکانی ژیان بەرەو ئالییەتی رۆحی ئاژەلی دەگەڕێتەوە؛
۳- نوستالژیای وجوودی: خود لە بارێکی هەڵچوونیدا دەژیت، ئەویش لە چوارچیوەی «من بیردەکەمەوە» (الشاروقی، ۱۹۷۹: ۷۰). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەگەڵ پیشکەوتنی مرۆڤایەتی مرۆڤەکان زیاتر لە خودی خۆیان نامۆ دەبن و دەیانەوێت بەرەو ڕابردوو بگەڕێنەوە، ژیانێکی ئاسوودەتر لەوەی کە هەیانە بۆ خۆیان بونیاد بنێن. بە شێوەیەکی گشتی نوستالژیا بۆ چەند بەشێك دابەش دەبێت ئەوانیش بریتین لە "گەڕانەوە بۆ شوێنەوارە کۆن و دێرینەکان، گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکان و گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان"، ئەمانە پێیان دەگوترێت نوستالژیای گشتی. هەر یەکەیان بە شێوەی خوارەوە ڕوون دەکرێتەوە:

**الف.** نوستالژیای گەڕانەوە بۆ شوێنەوارە کۆن و دیرینەکان: شاعیران بەردەوام هەولی گەڕانەوە بۆ شوێنەوار و بەرهەمە کۆنینەکانی نەتەوەکەیان دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارە زیندوو بوونەوەی ئەو شوێنەوار و بەرهەمانە لە ویژدانی شاعیران دا.

**ب.** نوستالژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکانی نەتەوەیی: شاعیران هەوڵدەدەن کەسایەتییە مێژووییەکانی نەتەوەکەیان زیندوو بکەنەوە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەبێت، ئەمەش پێی دەلین نوستالژیای گەڕانەوەی تاکەکەسی، زۆرجاریش کەسایەتییەکە مێژووییە، بەمەش دەلێن نوستالژیای گەڕانەوەی کەسایەتییە میژوییەکان. زۆرجاریش ئەو کەسایەتیانە شاعیرانی نەتەوەیین، ئەم جۆرە گەڕانەوەیەش بریتییە لە «هێنانی کەسایەتییەکان لە ریگای ناو هێنان یان ناوبانگەکەیەوە بە شێوەیەکی راشکاوانە، پێویستە ئەو کەسایەتییانە لە سیاقی شیعرەکەدا وەك سیاقی شیعری یا گشتی بە کار بهێندریت» (طعمەحلبی، ۲۰۰۷: ۲۱٦-۲۱۷)، چونکە ئەگەر ئەو کەسایەتییانە لە چوارچێوەی دەقەکەدا نەبن، ئەوا جوانی و کاریگەری کۆدی شیعری لە دەست دەدات.

**پ.** نوستالژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان: فۆلکلۆر هۆکارێکی تری گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، هەروەها هۆکارێکە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەدەبی نەتەوەیی و نوێبوونەوەی

شیعری لای میللەتان بەگشتی، چ لە ڕووی ریتم و کێش و سەروا بێت یا خود وشە و دەستەواژە فۆلکلۆرییەکان بێت.

## ٤- نوستالژیا لە نێوان کۆن و تازەدا

نوستالژیا دیاردەیەکی کۆنە، مرۆڤ زۆر زوو هەستی بە بوونی ئەم دیاردەیە کردووە. چونکە مرۆڤ بەردەوام لە ململانێدایە لەگەڵ چواردەوری خۆیدا. لە ڕووی مێژووییەوە دیاردەی نوستالژیا بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە حەزرەتی ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەرکران، کە تووشی خەم و ئازارێکی زۆری کردن، بۆیە مرۆڤەکان هەمیشە هەستی نامۆبوون لە نێو دەرونیاندا بوونی هەیە، هەمیشە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ شوێنی مەبەست کە شوێنی ڕەسەنە دەکەنەوە کە ئەویش نیشتمانی بەهەشتە. بۆ ئەمەش لە نێو ئەدەبدا دەتوانریت گوزارشت لەو هەستانە بکرێت. کە واتە نوستالژیا دیاردەیەکی تازە نییە، چەمکێکی فەلسەفی و مێژووییە، چەندەها هۆکاری وەکوو (ئایین و رامیاری و کۆچکردن و عەشق و ...) ڕۆلیان لە دروستبوونی دیاردەکەدا هەبووە. دوورکەوتنەوە لە نیشتمان یەکێکە لە دیارترین هۆکارەکانی غوربەت و نامۆیی لە ژیانی مرۆڤەکاندا، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە. چونکە هەر تاکێك کە لە نیشتمانێکدا چاوانی هەڵدێنێت هۆگری ئەو شوێنە دەبێت، جا شوێنەکە لادێ بێت یا شار یا گەڕەك. هەموو ئەمانە سەرچاوەی دروستبوونی نامۆیین لای مرۆڤەکان. کە واتە دەتوانین بلێین نوستالژیا خەمی ڕابردوو و شکات کردنە لە ڕۆژگار. ئەم خەم و حەسرەتەش تاکەکەسی یا کۆمەڵییە، کە پەیوەندی بە یادەوەرییەکانی سەردەمی منالّی یا لاوێتی یا یادگارییەکانی سەردەمی خویندن و ... هەیە. «لە چوارچێوەی نوستالژیای کۆمەڵیدا شوێنی زەمەنی تاکییەتی مرۆڤەکان لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا لە نێو بەرهەمەکانی رۆمانسیزمدا وەك بەرهەمەکانی "گۆتە و کوپر و لیل"دا دەتوانرێت بە دی بکرێت» (فورست، ١٣٨٠: ٥٣). سەبارەت بە ئەدەبی کوردی، دەقە کۆنەکانی کە لەبەر دەستماندایە ئەوەی لێ دەردەکەوێ کە ئەم زاراوەیە لەلای ڕەخنەگرانەوە نامۆ نەبووە، واتا کەرەستەکە لەبەر دەستیاندا بووە، بەڵام خودی زاراوەکە تازەیە و زیاتر لەم سەردەمەدا پەرەی پێدراوە. ئەمەش بە هۆی ئاشنایەتیی ئەدەبی نەتەوەییمان بە ئەدەبیاتی جیهانییەوەیە، بۆیە دەکرێت ئەم چەمکە لە نێو شیعری ئەدەبی کۆنی کوردیدا بە دی بکەین تا دەگاتە شیعری نوێی کوردی. چامەکەی نالی بۆ سالم بەڵگەیە لەسەر دیاردەی نوستالژیا لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا کە دەڵێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور ‌‌ ‌ ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور
(نالی، ١٩٧٦: ٥٦)

حەسرەتی دووریی شاعیر لە وڵات و شار هۆكاری لە دایكبوونی ئەم چامەیەیە، بۆیە كۆنترین پێناسەش بۆ نوستالژیا گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو و یادەوەرییەكانی ڕابردوو و كەسایەتییەكان و ڕووداوەكانە. سەبارەت بە ئەدەبیاتی تازەش ئەو دیاردەیە لە نێو شاعیرانی كوردیدا بوونی هەیە كە پەنا دەبەنە بەر گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و گەڕان بە دوای ئەو شتانەی كە لە نێو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ونبوون، بۆیە بەرەو ڕابردوو دەگەڕێنەوە وەك چۆن شاعیرانی ڕۆمانسیزم ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ ڕابردوو دەكرد. نوستالژیا لە شیعری شاعیرانی كوردیدا بە شێوەیەكی زەمەنی دەردەكەوێت، زۆریك لە شاعیران لە غوربەت ژیاون، شیعری نوستالیژییان نووسیوە، كە حەزی گەڕانەوەی نیشتمان و ڕابردوویان كردووە، ئاوات بە ژیانی ڕابردوو دەخوازن. هۆكاری گەڕانەوەی مرۆڤیش بۆ ڕابردوو بریتییە لە «بێزاربوون و هەست نەكردن بە ڕەزامەندی لە ژیان و ئەو ئازارانەی كە مرۆڤ لەم سەردەمەدا هەڵیدەگرێت» (جعفر، ۱۹۹۹: ۲۵).

شێركۆ بێكەس یەكێكە لەو شاعیرانەی كە لە تاراوگە ژیاوە، لە «دەربەندی پەپولە»دا حەزی گەڕانەوە بۆ وڵات دەكات و هەست بە نامۆیی و غەریبی دەكات، (با) دەكاتە هۆكارێك بۆ گەیاندنی پەیامەكەی و دەڵێت:

ئەگەر جارجار با هەڵبكات
را ئەكەم بۆ چەند ساتێك ئەچمە بەری
ئەڵێم بەشكوو ئەمجارەیان
ئا، ئەم، با، یە
وەك ڕەشەبای سلێمانی
بە پڕوتاو بێو هەلم بگرێو
تۆزێ خۆڵ بكاتە چاوم (بێكەس، ۱۹۹۸: ۱۳٤)

لێرەدا ڕەگەزی نوستالژیا بە ڕوونی دیارە، دووری نیشتمان هەستی شاعیری بزواندووە، لەم شیعرەدا هەست بە بیركردنی جوگرافی دەكرێت.

نوستالژیا لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا دیاردەیەكی كۆنە، وەك پیشتر ئاماژەمان پێدا نوستالژیا دیاردەیەكی كۆنە بۆ سەردەمە زووەكانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە كە مرۆڤ ناسیبێتی. سەبارەت بە كۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام ناتوانین ئەم دیاردەیە بە ڕوونی دیاری بكەین، چونكە كۆمەڵگەی عەرەبی ئەوكات كۆمەڵگەیەكی خێلەكی بووە و دەستە جەمعی ژیاون. «بۆیە ناتوانین بە ڕوونی هەست بەو دیاردەیە بكەین، چوونكە پەیوەندییە پتەوەكانی خێلەكی چوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتی پتەو دروست دەكات تا بتوانێت پارێزگاری لە ڕۆحی كۆمەڵی بكات» (زامل، ۲۰۰۳: ۱۳). لە سەرەتادا «شیعری جاهیلی داماڵین الخلعی ناسی هەمان بارودۆخیش لای شاعیرانی «الصعالیك» هەبووە، هەروەها لای امرؤ القیس حاڵەتی «دەركردن = الطرد» ناسرابوو، هەروەها

حاڵەتی نەفی کردن لە ناوەوە و دەرەوە هەبووە، دەرچوون هەبووە بۆ بەدەست هێنانی مادیەت وەك نابغە و الاعشی بەوە ناسرا بوون» (بدوی، ١٩٨٦: ٦٤).

کاتێک کە ئیسلام هات شێوەی جیاوازی تازەی نوستالژیا بە دیارکەوت، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ کۆچکردنی خێڵە عەرەبییەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی لە نێو خۆیاندا و دواتریش بۆ دەرەوەی خۆیان کۆچیان دەست پێکرد، وەك کۆچی هاوەڵانی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) بۆ حەبەشە، و کۆچی موسڵمانان بۆ مەدینە. هەموو ئەمانە بوونە هۆی دروستبوونی هەستی نوستالیژی لای موسڵمانەکان، بە تایبەت پێغمبەری خوا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و زێدی خۆی کاریگەریەکی زۆری لەسەر دروست کردبوو. لە سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکاندا دیاردەی غوربەت شێوەی تازەتری وەرگرت و تەواو چڕبۆیەوە. بە شێکی زۆری شاعیران نەیان دەتوانی لەگەڵ ژینگەی خۆیان بگونجین، چونکە فەسادێکی زۆر بلاو ببوەوە، خەلافەت لاواز ببوو، دابەشی چەند دەولەتۆکەیەك ببوو. «بە جۆرێك کە تاکی عەرەبی هەستی بە نامۆیی دەکرد و لە ڕابردووی خۆی دابڕابوو کە لە کاتێکدا خاوەن سەروەری خۆیان بوون، دەگریان بۆ ئەو شتانەی کە لە دەستیان دابوو» (زامل، ٢٠٠٣: ٢٧). لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا «یەکەم کتێب کە ئەم ناوەی گرتە خۆی کتێبی *ادب الغرباء*ی ابوالفرج الاصبهانی بوو» (بدوی، ١٩٨٦: ٦٩).

## ٥- شێوەکانی نوستالژیا لە شیعرەکانی پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیابدا

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەسێکی نوستالیژیست گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، ئەمەش لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ حیکایەتە میللی و فۆلکلۆرییەکان و یادەوەرییەکانی تاکەکەسی لە دیارەوە بۆ نادیار لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا.

> گەڕانەوە بۆ یادگە، گەڕانەوەیە بۆ حیکایەت و یادەوەری، گەڕانەوەیە بۆ ئەو پردی خەیاڵەی کە سۆزێکی گەورەی تێدایە و ئەبێتە ئەو پردی پەیوەندییە گەورەیەی کە مرۆڤی گرفتار حیکایەتەکانی ئەو یادگەیە دەکات و فڕی دەداتە ئەو یادەوەرییە بێشومارەی کە رووبەرێکی گەورەی داگیرکردووە لە ئایکۆنی یادەوەرییەکاندا، لە دونیای حیکایەتەکاندا. (ئاسۆ جەبار، ٢٠٠٦: ٢٨٠)

کەواتە هۆکاری ئارەزووی شاعیر بۆ ئەو دیاردەیە ئەوەیە کە لە ئێستادا ڕادەکات و پەنا دەباتە بەر ڕابردوو. بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش بەشێک لە لێکۆڵەرانی تازە وایدەبینن کە هۆکاری ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی تازەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیران بە دوای نادیارێکدا دەگەڕین کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەمێکە لێی ڕۆیشتووە، بۆیە بۆ ڕابردوو دەگەڕێنەوە تا وەکوو ئەو بزربووەیان بدۆزنەوە و قسەی لەگەڵ بکەن و شکاتی حاڵی خۆیانی لا بکەن. بەم شێوەیە لە ئێستادا بەرەو ڕابردوو دەڕۆن

و تام و چێژی یادگارییەکانی ڕابردوو دەچێژن و یادگارییەکانی ڕابردووش زیندوو دەکەنەوە. هۆکاری گەڕانەوەی مرۆڤیش بۆ ڕابردوو لەوانەیە بە چەند هۆکارێکی کەسییەوە بێت، ئەو هۆکارەشی کە پاڵ بە هاووڵاتی بە گشتی و شاعیران بە تایبەتی دەنێت بریتییە لە «بێزاری و هەست کردن بە نارازی بوون لە ژیان و ئەو ئازار و نەهامەتیانەی کە مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەیچێژێت» (جعفر، ۱۹۹۹: ۵۲). هۆکاری ئەم دیاردەش لە شیعری کوردی و عەرەبیدا بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکان و نەتەوەییەکانی ساڵانی بیستەکان بە دواوە دەگەڕێتەوە. واتە سەرەتاکانی سەدەی بیستی ڕابردوو، کە شۆڕشەکانی گەلی کورد و عەرەب سەریان هەڵدا و باری سیاسیی خەڵک گۆڕانکاری زۆری بە سەردا هات، ئەمەش لە ئەدەبیات و زەینی شاعیراندا ڕەنگی دایەوە و چووە نێو ئەدەبیاتەوە.

سەبارەت بە شێوەکانی نوستالژیا لای هەر دوو شاعیر، سەرەتا پیرەمێرد ژیانێکی درێژ ژیاوە و لەو ماوەیەشدا هەمیشە خەونی بە ڕابردووی خۆی و نەتەوەکەیەوە دیتووە. شاعیرێکە زۆر بە ڕابردووەوە پەیوەست بووە، کە خۆشی و ناخۆشی تێدا باس کردووە بە شێوەیەك توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستاوە. پیرەمێرد ژیانێکی دوو لایەنەی هەبووە. کە لە تورکیا بووە ژیانێکی کۆمەڵایەتیی بەرز و سیاسیی باشی هەبووە. کاتێکیش کە هاتەوە کوردستان و شاری سلێمانی ژیانێکی کۆمەڵایەتیی بەرز و بارێکی گوزەرانی خراپی هەبووە. ئەمەش وای لێکردووە بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە پەنا بەرێتە بەر ڕابردوو، واتە پێش ئەوەی سەفەری تورکیای سەردەمی خەلافەتی عوسمانی بکات، تا وەکوو لەو بارە گرانەی تێیدایەتی رزگاری بێت.

بە هەمان شێوە سەیاب کە مناڵ بووە و لە لادێیەکەی خۆیان بووە ژیانێکی خۆش و ئارامی بووە، بەڵام کاتێک کە دایکی دەمرێت لە مناڵیا و دواتر لە کاتی گەورە بوونیدا تووشی نەخۆشی سەخت و زیندان و دوورخستنەوە دەبێت و شکستی بەردەوامیشی لە ژیانی سۆزداری کە زۆر هیلاکی کردووە، لە نێو ڕابردووی خۆیدا گیری کردبوو. ئەمەش شێوەی ژیانی بە تەواوەتی گۆڕیوە و لە شیعرەکانیدا حەسرەتی گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو بەیان کردووە، بۆتە کەسێکی نوستالژیست. بۆیە بەشەکانی نوستالژیا لای پیرەمێرد و سەیاب دابەش بووە بەسەر چەند بەش.

### ۵-۱- نوستالژیای تاکەکەسی

نوستالژیا لە سەرەتادا تایبەتە بە ژیانی تاکەکەسی پیرەمێرد، کە بەرەو گەنجێتی و خۆشەویستی ئافرەت و گوند و شار دەگەڕێتەوە. هەروەها تایبەتە بە ژیانی سەیابیش وەك گەڕانەوە بۆ ژیانی لادێ و مناڵی و خۆشەویستەکانی و دایکی و خێزانی. یەکێک لە جۆرەکانی نوستالژیای تاکەکەسی لە شیعری دوو شاعیردا گەڕانەوەیە بەرەو زێدی خۆیان. پیرەمێرد یەکێکە لەو

شاعیرانەی کە زۆر بە خاکەوە پەیوەست بووە، بۆیە هەمیشە بیری هەر لای شار و نیشتمانەکەی بووە. سلێمانی ئەو شارە بووە کە هەرگیز لە بیری نەکردووە، بە لای ئەوەوە شارێکە کە لە کاتی دڵتەنگیدا پەنای بۆ ڕابردوو بردووە بۆی گەڕاوەتەوە. لە کاتی گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٥دا (ئاشنا، ٢٠٠٩: ١١١) بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە و دەڵێت:

لـە غوربەتـدا بە یـادی تـۆ ئەژیم خـوا شـاهیدی حــاڵە ئەوا رووم کردە تۆ ئەی دایکی مشفق بیست و پێنج ساڵـە
(پیرەمێرد، ٢٠٠٩: ١١٧/١)

دواتر بە جۆریك وەسفی سلێمانی دەکات کە تۆز و خۆڵی سلێمانی زۆر لە تۆز و خۆڵی «چیای تور» باشترە/ بۆنی گوڵەکانی و سەیرانگاکانی و تیشکی ڕووناکی کە لە چیای «عومەر گەدروون» دەدات زۆر لە دوڕ و گەوهەری قارون پێی باشترە/ گەزۆی سلێمانی هەموو خواردنی دونیا دێنێت:

بــە چاومـا بێ ئەگـەر تـۆزی، لـە تـۆزی بـای سلێمـانی کە نووری (گۆر)ە، تووریك نایەنێ، سوورمەی سلێمانی
گزنگـی ڕۆژ، ئەداتە بەفرەکەی شاخی عومەر گەردوون بریقـەی خۆشـترە لای مـن، لە دوڕ و گەوهەری قاروون
(پیرەمێرد، ٢٠٠٩: ١١٧/١)

ئەمە ئەوە دەردەخات کە پیرەمێرد لەگەڵ ئەوەی ژیانێکی خۆشی لە تورکیا هەبووە، بەڵام شاری سلێمانی زۆر لەوێ پێخۆشتر بووە و بە هەوای شاری سلێمانی ژیاوە. بەمەش شاعیر باری دەروونی خۆی سووك دەکات و بە ئاواتەکەی دەگات. لای پیرەمێرد سلێمانی بۆتە سومبول و لە کاتی نامۆبوونیدا پەنای بۆ بردووە. بەڵام لای سەیاب گەڕانەوە بۆ ژیانی لادێ سومبولە و پەنای بۆ بردووە، سەیاب یەکێکە لەو شاعیرانەی کەوا زۆر هەستی بە نامۆیی و غەریبی کردووە لە ژیانیدا «ڕەگ و ڕیشەی دەیگەڕیننەوە بۆ ژیانی لادێ و مناڵی کە ماڵ ئاوایی لە لادێیەکەی کردووە، لە کاتێکدا یاری کردووە لە کێڵگەکانی جیکۆر و مەلەوانی لە رووباری بویب دەکرد» (فهمی، ١٩٨١: ١٥٨). «جیکۆر» ئەو لادێیەیە کە سەیاب تێیدا ژیاوە و هەرگیز لە یادی نەکردووە، هەمیشە عەوداڵی ئەوێیە، لە قەسیدەی «افیاء جیکور» بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت:

نافورة من ظلال، من أزاهير و من عصافير، جيكور، جيكور، يا حفلا من النور/ يا جدولا من فراشات نطاردها/ في الليل، في عالم الأحلام والقمر/ ينشرن أجنحة أندى من المطر في أول الصيف. (السياب،٢٠٠٠: ١/ ١٨٦)

لە قەسیدەی شیعری «جيكور أمي»دا دەڵێت:

تلك أمي، و إن أجئها كسيحا/ لاثما أزهارها و الماء فيها، و الترابا/ و نافضا، بمقلتي، أعشاشها و الغابا/ تلك أطيار الغد الزرقاء والغبراء يعبرن السطوحا. (٦٥٦/١)

شاعیر لە خۆشەویستیدا «جیکۆر» بە دایك دەچوێنێت، بەهەشتێکی ونبووە و هێشتا بە دوایدا دەگەڕێت. «جیکۆر» بە تەواوی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، کاریگەری تەواوی لەسەر

جێهێشتووە، عەشقی شاعیر بۆ جیکۆر بە جۆرێکە کە تەواو باری دەروونی شاعیری شێواندووە، پێی وایە جارێکی تر لەسەر دەستی ئەو لە دایك دەبێتەوە. لە قەسیدەی «تموز جیکور»دا دەڵێت:

جیکور ... ستولد جیکور/ النور سیورق و النور/ جیکور ستولد من جرحي/ من غصة موتي، من ناري/ سیفیض البیدر بالقمح،/ و الجرن سیضحك للصبح. (۱/ ٤١١)

لە شیعرێکی تردا باسی رووباری «بویب» دەکات کە لە نزیك لادێیەکەیاندا بووە، مایەی شادی و خۆشبەختی بووە لە منداڵیا، یادگارییەکانی منداڵی و خۆشییەکانی ژیانی ئەو کاتی لە نێو ئەو ڕووبارەدا جێهێشتووە و هێشتا لە بیری نەکردووە، لێرەدا ڕووباری «بویب» بەشێکە لە «جیکور» بۆیە باسمان لێوە کردووە، لە قەسیدەی «یا نهر»دا دەڵێت:

یا نهر عاد إلیك بعد شتائه/ صب یفیض الشوق من زفراته/ حیران یرمق ضفتیك بلوعة/ فیکاد یصرع شوقه عبراته (۳۰۳/۲)

لە قەسیدە شیعری «النهر و الموت» دووبارە باسی رووباری «بویب» دەکاتەوە، خەسڵەتی رۆمانسیزمەکانە کە یادگارییەکانی خۆیان بەو شێوازە بەیان دەکرد و دەگێڕایەوە، دەڵێت:

بویب/ بویب/ أجراس برج ضاع فی قرارة البحر/ الماء فی الجرار والغروب فی الشجر/ وتنضح الجرار أجراسا من المطر/ بلورها یذوب فی أنین/ بویب ... یا بویب! ... (٤٥٣/١)

هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی شاعیر ئارامییەك بە دەروونی خۆی ببەخشێت، هەرچەندە ئازارەکانی بە جۆریك بووە کە نەیتوانیوە لەو بارودۆخەی تێدا بووە رزگاری بێت. یادکردنی خۆشەویستان تەوەرێکی دیکەی نۆستالیژیایە لە شیعری دوو شاعیردا. ئەوەی جێگای تێڕامانە لە ژیانی پیرەمێرد ئەوەیە کە ئەو ژیانە سۆزداری ڕاستەقینەیەی کە تێیدا ژیاوە، کاریگەرییکی زۆری لەسەر ژیانی جێ هێشتووە. بە تایبەتی لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا زیاتر بە بیری هاتۆتەوە و ئازارێکی دەروونی زۆری بە هۆی ئەو خۆشەویستییەوە چێشتووە.

پیرەمێرد لە گۆڤاری گەلاوێژدا دەنووسێت: «شەوێکم لە زیندەگانی گوزەشتە هاتەوە یاد، وەك شەونم فرمێسك بەسەر ریشی سپیما باری» (ژیان، ژمارە ٤٨٣ی ساڵی ١٩٣٦، دیوانی پیرەمێرد: ٧٩). دوای پەنجا ساڵ پیرەمێرد ئەو عەشقەی دێتەوە یاد کە ئەمەش ئەوە دەردەخات ڕابردوو بۆ پیرەمێرد بەشێک بووە لە داهێنانی هونەری و دروستبوونی نوستالژیا لە شیعرەکانیدا.

چەنــد خــۆشە یــادی هیجــرانی یـــــاران　　　فـــرمێسک بە چاوما بێنـی وەک بـــــاران
(پیرەمێرد، ٢٠٠٩: ٢٤٧)

ئەوەی دیارە یەکەم خۆشەویستی پیرەمێرد «میهرەبان» بووە، جا نازاندرێت ئەو ناوە خوازراوە یا خۆد ڕاستەقینەیە. وەك خۆی دەڵێت «ئەم ماجەرایە پەنجا ساڵی بەسەرا رابوارد، لەم یەك دوو

ڕۆژەدا لەگەڵ جەنازەیەکی ئازیز ڕێم کەوتە مەلبەندی میهرەبان» (*ژیان*، ژمارە ٤٨٣ی ساڵی ١٩٣٦، بڕوانە *دیوانی پیرەمێرد*، ٨٠).

کەوتە کڵێشەم کەوتە کڵێشەم  شەوێک سەودای لەیل کەوتە کڵێشەم
پەروانە ئاسا تەوافتی ڕووی شەم  تێکی هەڵشێلا هۆش و ئەندیشەم
(پیرەمێرد، ٢٠٠٩: ١/ ٢٤٧)

هەروەهاش لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

لەبیرتە شەوێک هاتییە لام  بۆ دڵنەوایی و تەسەلام
بە زولف و خاڵت سوێندت دەدام  کە تا دەمرم تۆ ببی لام
(٢٤٩/١)

ئەوەی دەتوانین لە شیعرەکانی پیرەمێرد دەری بخەین ئەوەیە کە پیرەمێرد زۆر عاشقی میهرەبان بووە، دڵ و دەروونی داگیر کردووە. بەڵام کە دەزانیت کۆچی دوایی کردووە بە تەواوی نائومێد دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تا دەمرێت لە یادی بمێنێت و بەردەوام شیعری بۆ بنووسێت، هەروەها توانای ئەوەشی نەبێت کە لە بیری بکات. بەڵام شکستی بەردەوامی سەیاب لە ڕووی خۆشەویستییەوە وایکردووە کە بەردەوام دەروونی نائارام بێت، ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە، کە هۆکاریش لە دەست دانی دایکی بووە بە مناڵی، ئەم دیاردەیە لە ژیانی تایبەتیدا ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە هۆی شکستی بەردەوامی لە خۆشەویستی. خۆی ئاماژە بەو هۆکارە دەکات و دەڵێت: «مناڵ بووم کاتێک دایکم لەدەستدا، دوور لە خۆشەویستی و سۆزی ئافرەت گەورە بووم. ژیانم هەمووی گەڕان بوو بە دوای کەسێك کە ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. هەموو تەمەنم لە چاوەڕوانی ئافرەتێکی نمونەییدا بوو» (حمود، ١٩٩٤: ٣٣٤). سەیاب بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەم بۆشاییە دەروونییە بکاتەوە بە دوای خۆشەویستی ئافرەتدا وێڵ بووە، بەڵام لە هیچ کامێکیاندا ئەم خۆشەویستییەی بەدی نەکردووە و بە شکست کۆتایی پێ هاتووە. خۆشەویستی زۆری هەبووە بە ناوەکانی «هالە، المندیل الاحمر، المندیل الاصفر، لمیعە، لمیا، الاقحوانە، لبیبە، اقبال، ...» (بڕوانە دیوانی سەیاب، بەرگی یەکەم و دووەم، ٢٠٠٠م).

سەیاب هەوڵی داوە زۆر لە ئافرەت نزیك بێتەوە، هەستیان پێبکات، بەڵام هەموو ئەمانەی وێڵ کردووە تا لە کۆتاییدا «اقبال» ی خواستووە و بۆتە دایکی مناڵەکانی، لە شیعرەکانیدا باسی لێوە کردووە کە دواتر باسی لێی دەکەین. لە قەسیدەی «جیکور أمی» باسی «هالە» دەکات، کە هێشتا لە یادی نەکردووە و دەڵێت:

أه لو أن السنين الخضر عادت، يوم كنا/ لم نزل بعد فتيين لقبلت ثلاثا أو رباعا/ و جنتى هالة و الشعر الذي نثر أمواج الظلام/ في سيول من العطور التى تحمل نفسي إلى بحار عميقة/ و لقبلت، برغم الموت، ثغرا من وفيقة.

بەردەوام دەبێت و لە هەمان شیعردا باسی اقبال دەکات و دەڵێت:

ولأوصلتك يا إقبال فى ليلة رعد ورياح وقتام/ حاملا فانوسي الخفاق تمتد الظلام. (السياب، ۲۰۰۰: ۱/ ٦٥٨)

خۆشەویستی ئافرەت بۆتە بەشێک لە شیعرەکانی و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ژیانی ڕابردووی دەکات و ناتوانێت چاوپۆشی لێبکات. لە باسی خۆشەویستەکەی «لەمیعە» دا دەڵێت:

ذكرتك يا ليمعة والدجى ثلج وأمطار/ ولندن مات فيها اليل ، مات تنفس النور/ رأيت شبيهة لك شعرها ظلم ونهار/ وعيناها كينبوعتين فى غاب من الحور. (۲٦۸/۱)

لە شیعرەکانی سەیابدا سێ بەشی تری نوستالژیا بە دی دەکرێت کە لە شیعرەکانی پیرەمێردا بەرچاومان نەکەوتووە. ئەوانیش نوستالژیای سەردەمی منالّی و یادی دایك و یادی منالّەکانییە، بەلاّم لای سەیاب هەر سێ بابەتەکە بوونی هەیە ئەوانیش.

*٥-١-١- گەڕانەوە بۆ سەردەمی منالّی*

سەردەمی منالّی پاکترین سەردەمی مرۆڤە، سەردەمێکە کە لاپەڕەکانی ڕەش نەبونەتەوە و تووشی خەم و ئازار نەبووە. سەردەمێکی زۆر خۆشەویستە لای شاعیر، چونکە وێنەیەکی جوان و ڕوونە بەرامبەر بەو نەهامەتی و نامۆیی و غوربەتەی کە تێیدا دەژیت. «گومانی تیدا نییە کە گەڕانەوە بۆ سەردەمی منالّی یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی شیعری ریبازی رۆمانسیزمەکان» (حاوی، ۱۹۸۳: ۷۲). لە قەسیدەی شیعری «دار جدی»دا یادی منالّی دەکاتەوە و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە دەکات و دەڵێت:

مطفأة هي النوافذ الكثار/ و باب جدي موصد و بيته انتظار/ وا أطرق الباب، فمن يجيب، يفتح؟/ تجيبني الطفوله، الشباب منذ صار. (السياب، ۲۰۰۰: ۱٤۳/۱)

لە هەمان قەسیدەدا ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منالّی دەکات و راستگۆیی و خۆشەویستی تێدا دەبینێتەوە دەڵێت:

طفولتي صباي، أين ... أين كل ذاك؟/ أين حياة لايحد من طريقها الطويل سورذ/ كشر عن بوابة كأعين الشباك/ تفضي إلى القبور؟/ والكون بالحياة ينبض، المياه والصخو/ وذرة الغبار والنمال والحديد/ وكل لحن كل موسم جديد/ الحرث والبذور والزهور. (۱٤٦/۱)

ڕابردوو لای سەیاب تامێکی تایبەتی پێ دەبەخشیت، بە تایبەت کاتێک کە خەم و خەفەتباری سەرشانی گرانتر دەکات، غەریبی لاوازتری دەکات، بۆیە لەم شیعرەدا ئەوەمان بۆ دیاردەخات کە

منالّی هەرگیز کۆتایی پێنەهاتووە، بە سەرچاوەی خۆشییەکانی ژیانی دەزانێت کە ئاو و بەرد و تۆز و گەرد و گوڵ و ئاسن و کێڵانی زەوی و چاندنە، هەموو ئەمانە نیشانەی بەهارن کە ئومیدی تازە بونەوەی ژیاننن.

*٥-١-٢- نوستالژیای بیرکردنی دایك*

دایك ڕۆح و گیانە، ئێستا و داهاتووە، سەرچاوەی خۆشەویستییە، دایك نیشتمانێك دروست دەکات، هەموو ئەمانە کاریگەری تەواویان لەسەر سەیاب دروستکردوە کە بەشێکی شیعرەکانی بۆ دایکی بهۆنێتەوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەیە کە بیری دایکی کردووە. کاریگەری ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەوەوەیە کە سەیاب دایکی لە تەمەنی منالّی لە دەست دەدات و لە سۆزی دایك بێبەش دەبێت و کاریگەری دەروونی خراپی لەسەر جێ دەهێڵێت. لە قەسیدەی «انشوده المطر» کە شیعرێکی بە ناوبانگی سەیابە سەبارەت بە دایکی لە نێو ئەو شیعرەدا نوسیویەتی و دەڵێت:

كأن طفلا بات يهذي قبل أن ينام/ بأن أمه التي أفاق منذ عام/ فلم يجدها ثم حين لج في السؤال/ قالوا له «بعد غد تعود»/ لابد أن تعود/ و إن تهامس الرفاق أنها هناك/ في جانب التل تنام نومة اللحود/ تسف من ترابها و تشرب المطر/ كأن صيادا حزينا يجمع الشباك/ و يلعن المياه و القدر/ و ينثر الغناء حيث يأفل القمر؟ (١/٤٧٥- ٤٧٦)

دیمەنێکی ڕاستەقینەی پر ئازار و کارەسات پێشان دەدات کە منالّ دایکی دەمرێت و دەپرسێت دایکم لە کوێیە؟ پێی دەڵێن چووە بۆ ئاسمان یا چووە بۆ مێوانی دێتەوە. بەڵام دەزانێت دایکی نایتەوە، ئەوکات تێدەگات کە بەرەو ناخی زەوی گەڕاوەتەوە و دووبارە دەبێتەوە بە خۆڵ. سەیاب لە قەسیدەی «الباب تقرعه الرياح» گفتوگۆیەکی تەواو لە نێوان خۆی و دایکی دەکات، شیعرەکە کاتێک نووسیویەتی کە لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا بووە، نەخۆشی تەواو تینی بۆ هیناوە و دایکی تەواو بیر و هۆشی تەنیوە، چاوەڕێ دەکات کەسێك لە دەرگا بدات. لێدانی دەرگا ڕۆحی دایکییەتی کە زۆر میهرەبانە و هەست و سۆزی خۆشەویستی بۆ دەردەبڕێت:

حب الأمومة فهي تبكي «آه يا ولدي البعيد عن الديار/ ويلاه كيف تعود وحدك، لادليل ولا رفيق؟/ اماه ... ليتك لم تغيبي خلف سور من حجار/ لا باب فيه لكي أدق ولا نوافذ في الجدار/ كيف انطلقت على طريق لا يعود السائرون/ من ظلمة صفراء فيه كأنها غسق البحار؟» (١/٦١٥- ٦١٦).

*٥-١-٣- نوستالژیای منالّ*

سەیاب کاتێک بە هۆی نەخۆشییەوە دەچێتەوە دەرەوەی عێراق و باری تەندروستی تەواو تێکدەچێت و لە پێ دەکەوێت، بیری منالّەکانی دەکات، بیری کوڕەکەی «غيلان» دەکات، کە چییان لێدێت دوای مردنی ئەو، لە قەسیدەی شیعری «اسمعه يبكي»دا دەڵێت:

أسمعه يبكي، ينادينى/ فى ليلي المستوحد القارس/ يدعو أبي كيف تخليني/ وحدي بلا حارس؟/ غيلان لم أهجرك عن قصد .../ الداء يا غيلان أقصاني. (۲۸۷/۱)

خەیاڵ دەکات کە کوڕەکەی دەگرێت و بانگی باوکی دەکات، سەیاب دەزانێت مناڵەکانی لە دووری ئەو سەرگەردانن، بۆیە دەڵێت نەخۆشی هۆکاری دوورکەوتنەوەمە نەك خۆم.

## ۵-۲- نوستالژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی

نوستالژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری دوو شاعیردا لە چەندین بواردا خۆی دەنوێنێ. یەکێک لەم بوارانە نوستالژیای نیشتمانە کە سرووشتێکی مرۆڤایەتییە و پەیوەستە بە کەرامەتی مرۆڤەکانەوە. دوورکەوتنەوەش لە نیشتمان خەمێکی گەورە بووە، شاعیرانیش بەهۆی ئەو هەستەی کە هەیانە زیاتر لە کەسانی ئاسایی هەستی نامۆیی و غوربەت دایان دەگرێت. مەسەلەی نیشتمانیش پەیوەستە بە ڕۆح و جەستە و بوونی مرۆڤەکانەوە. مرۆڤ بێ نیشتمان بوونێکی لاوازی هەیە. ئەم هۆکارانە وایکردووە شاعیران بە تایبەتی و مرۆڤ بە گشتی کە لە زێدی خۆی دوور دەکەویتەوە بیری نیشتمانەکەی بکات، هەست بە دلتەنگی بکات بۆی. بۆیە شاعیران ئەم هەستەیان بە شیعر دەربڕیوە. چەمکی نیشتمانیش لە کۆن و تازە دا جیاوازن، لە کۆندا چەمکی نیشتمان تایبەت بوو بە کووچە و کۆڵان و شوێنی مانەوە. بەڵام لە تازەدا چەمکەکە لەوە فراوانتر بووە و تەواوی نیشتمان دەگرێتەوە، بە تایبەت لە شیعری تازەدا ئەم هەستە زیاتر پەرەی پێدرا و لە شیعردا بەکار هات.

یادکردنی نیشتمان پەیوەستە بە مرۆڤەکانەوە، تایبەتمەندیی مرۆڤایەتییە؛ بەجۆریك دووربوون لە نیشتمان تا وەکوو ئێستاش خەمێکی گەورەیە بۆ مرۆڤەکان بە گشتی و شاعیران بە تایبەتی. پیرەمێرد شاعیرێك بووە بەردەوام یادی نیشتمانی کردووە. دڵ و دەروونی پەیوەست بووە بە نیشتمانەکەیەوە، ئەمەش بۆتە هۆی لەدایك بوونی چەندین شیعری نەتەوەیی لە شیعرەکانیدا.

لە ئەستەمبۆڵەوە هەڵسام، لە خەودا بووم، هەتا ئێرە / لە سەیری (فی المنام)دا بووم کە چاوم کردەوە لێرە
حەیاتێکی ترم دی، خزم و خۆیشان دەوریان دابووم / سەر لەنوێ هاتمەوە دنیا، بەرۆح وەك توفلی ساوا بووم
(پیرەمێرد، ۲۰۰۹: ۹/۱)

ئەڵێن نەفخەی حەیاتی پێوەیە بادی بەهار وایە / بەسرووەی بای وەتەن ماوم، بەهار و بای لای لەلام بایە
(۲۰۰۹: ۱۱۷/۱)

ئەوەی کە ڕوونە هەستکردن بە نامۆیی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو سیفەتێکە لە سیفەتەکانی ڕۆمانسیزمەکان. بێگومانیش شیعرەکانی پیرەمێرد تایبەتمەندییەکانی شیعری ڕۆمانسیزمی

تێدایە، بۆیە لە کاتی ژیانی لە تورکیا هەست بە غوربەت دەکات و هەموو شتێکی لا جوان و خۆشە، بوون و مانی ئەویش بە نیشتمانەکەیەتی.

سەیاب شاعیرێکی نوێخوازە و بە هۆی ئەوەی کە ڕۆحی ڕۆمانسیزمی تێدایە، «هەستکردنیش بە دابڕان و غوربەت بە تایبەتی خەسڵەتی ڕۆمانسیزمەکانە» (مغنیە، ٢٠٠٤: ٢٠)، هاتووە بە شیعر باسی خەمی دابڕانی نیشتمان دەکات. دیارترین شیعرەکانی کە باسی نیشتمان دەکات شیعری «غریب علی الخلیج و انشودە المطر»ە، هەروەها لە قەسیدەی شیعری «حنین فی روما» بیری وڵات و بۆنی وڵات و خواردنی و کۆڵانەکانی دەکات. لە شیعری «غریب علی الخلیج»یشدا دەڵێت:

صوت تفجر في قرارة نفسي الثكلى: عراق/ كالمد يصعد، كالسحابة، كالدموع الى العيون/ الريح تصرخ بي: عراق/ و الموج يعول بغ: عراق، عراق، ليس سوى عراق!/، البحر أوسع ما يكون و أنت أبعد ماتكون/، والبحر دونك يا عراق (السياب، ٢٠٠٠: ٣١٧/١)

کاتێک کە سەیاب لە نیشتمان دوورە و دیمەنە جوانەکانی وڵاتی بیر دەکەوێتەوە، تەنانەت شەپۆلی ئاو و بای بەهێزی سەر دەریاش دەڵێن عێراق. کە واتە دووری لە نیشتمان کاریگەری تەواوی لەسەر دروستکردووە، ئارەزووی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکات، لە غوربەتدا هاواری عێراق دەکات و بیری دەکات، بۆیە لە شیعری «لأنی غریب» دا دەڵێت:

لأني غريب/ لأن العراق الحبيب/ بعيد، و أني هنا في اشتياق/ إليه، إليها ... أنادى عراق (٢٠٠٠: ١٩٥/١).

کە واتە غوربەت هۆکاری سەرەکیی لەدایك بوونی شیعری نوستالژیایە، شاعیر پەنای بۆ دەبات تا دەروونی ئارام بکاتەوە. یەکێ تر لە بوارەکانی نوستالژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی، نوستالژیای کەلەپووری نەتەوەیی و میللی یە. شیعری نوێی کوردی و عەرەبی توانییان سوود لە کەلەپووری نەتەوەیی وەربگرن، شاعیران ئەو کەلتوورە نەتەوەییەیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێنا، کە لە ڕابردوودا بوونیان هەبوو، بۆیە ئەوان لە نێوان ئێستایەکی پڕ لە ناخۆشی دەژیان و بە دڵیش لە ڕابردوویەکی پڕ لە سەرکەوتن و بەرزیدا بوون. زیندوو کرنەوە و گەڕانەوە و یادکردنەوەی کەلەپووری میللی-نەتەوەیی بەشێکی گرنگە لە شیعرەکانی *پیرەمێرد* و سەیابدا، کە توانیوویانە سوود لە هێما و بابەتە فۆلکلۆرییەکان وەربگرن و جارێکی تر بە شیعر دای بڕێژنەوە. بابەتەکانیشی خۆی لە چیرۆکی فۆلکلۆری و میللی و کەسایەتییە مێژووییەکان و ئەفسانەییەکان دەبینێتەوە، بەو پێیە دەتوانیین کەلەپووری نەتەوەیی لە شیعرەکانی پیرەمێرد و سەیابدا بۆ چەند بەش دابەش بکەین، ئەوانیش.

*۵-۲-۱- یادی چیرۆکی میللی و حیکایەتە فۆلکلۆری و کەسایەتییە مێژووییەکان*

پیرەمێرد ژمارەیەکی زۆری چیرۆك و حیکایەتی میللی و پەند و قسەی نەستەقی لە نێو شیعرەکانیدا بەکارهیناوە. ئەمەش وایکردووە ئەو بابەتانە لە نێو بیری خەڵکیدا بە زیندوویی بمێنێتەوە. بەشێک لەو بابەتانەش چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵانە کە بەو شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت:

پـــتوره تلیخـــان بزنێکـــی بـــوو سبەینـــان بـــۆ ئێـــره ئەچـــوو
کیتـــەڵی ئـــەبـــرد ئەیدۆشـــی لـــە مـــاڵـــەوە دای ئەپۆشـــی
رۆژێ مـــام رێـــوی دۆزیـــەوە ســـتەری لادا بـــە دزیـــەوە ...
(پیرەمێرد، ۲۰۰۹: ۲۹/۲)

زیندووکردنەوەی ئەو حیکایەتانە «بابەتێکی زیندووە لە نێو ویژدانی شاعیری نوێخوازدا ڕەهەندێکی ڕۆحی و هزری هەیە. ئەمەش پەیوەندیی شاعیر بە کێشەکان و بە دواداچوونەکانییەوە ڕەنگ دەداتەوە لە بەرهەماکانیدا» (اسماعیل، ۱۹۸۸: ۳٦). لە لایەکی ترەوە، چیرۆکی «مەم و زین» دەکاتە بابەتی شیعرەکانی، کە لە نێو کەلتوور و مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەگوترێتەوە، کە بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت:

هـــەی رۆ ئەمـــرۆ رووی، شیـــن و رۆرۆمـــە کەمەم ڕۆیی ڕووی پەژارەی خۆمە
ئـــەم زولفـــە لولـــەم بـــۆ مـــەم شانـــەکرد دەک فـــەلەک کوێـــر بێ، بۆنێکـــی نـــەکرد
(۲۰۰۹: ۲۵۷/۱)

لیرەدا ئەوەمان وەبیر دەخاتەوە کە چۆن ئەو چیرۆکە کاریگەری لەسەر بیری کۆمەڵگە بە گشتی جێ هێشتووە، ئەو تەجروبەیە دەخاتە ڕوو کە لەو ناوچەیەدا ڕوویداوە وەك چیرۆکێکی فۆلکلۆری نەتەوەیی باسی لێوە دەکات:

با دەست لـــەمل کـەین، مـــەم یەکجـــارییـە نـەرای بێگانـــە، نـــە بـەدکـــارییـە
ئـــاخ بـــۆ دەنگخـــۆشی، لە ژوور سەرینمـــان بـە بـەیتـــی کـــوردی بـــدا تەلقینمـــان
(۲۰۰۹: ۲۵۷-۲۵۸)

لێرەدا ئەو تەجروبەیە دەخاتە ڕوو کە لە نێو نەتەوەی کوردا بوونی هەبووە. تەجروبەی خۆشەویستیی پاك و بیگەرد، بە هەمان شێوە چیرۆکی وەلی دێوانە و شەم هەمان تەجروبەیە کە لە نێو کورددا ڕوویانداوە. ئەمانەش لە هزر و بیری پیرەمێرددا ڕەگیان داکوتاوە و بوونەتە بابەتی شیعری. بەدر شاکر سەیابیش لە شیعرەکانیدا هەوڵی زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی خۆی داوە. بەشێک لە شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو کەلتوورەن و هەوڵی داوە لە بیر و هۆشی خەڵکیدا زیندوویان بکاتەوە و ببێتە مایەی شانازی نەتەوەکەیان.

مێژوو و قارەمانێتی سیحری تایبەتی خۆی هەیە لە لای شاعیر، لە میانی ئەوەوە کە زۆرێك لە خواستەکانی ناتوانێت لە نێو کۆمەڵگەکەیدا بە دەست بهێنێت، ئەوا شاعیری نامۆ هاوسەنگی لە نێوان ڕابردوویەك کە دەوڵەمندە بە حیکمەت و نامۆ نییە لە گەڵ ئێستایەکدا کە پڕە لە ناخۆشی و نامۆیی دروست دەکات. (جعفر، ١٩٩٩: ٢٥٦)

لە قەسیدەی «ارم ذات العماد» چیرۆکی خۆشەویستیی «عنترە وعبلە»دا دەقۆزیتەوە و دەڵێت:

في عالم النعاس، ذاك عنتر يجوب/ دجى الصحارى إن حي عبلة المزار. (السياب، ٢٠٠٠: ٦٠٤)

لە هەمان قەسیدەدا دەڵێت:

يا صدى أراجع/ أنت من المقابر الغريبة؟/ أحس في الصدى/ برودة الردى/ أشم فيه عفن الزمان والعوالم العجيبة/ من إرم و عاد. (٢٠٠٠: ٦٠٥)

لەم قەسیدەیەدا چیرۆکیك دەگێڕێتەوە، کە باپیری لە منالّی بۆی گێڕاوەتەوە، دەربارەی تەجروبەیەکی بێنراوی شاری ئیرەمی ئەفسانەیی دواوە. «سەیاب وێنەی نامۆیی بەردەوامی مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە بۆ خۆشبەختی و هەوڵی بەردەوامی بۆ دۆزینەوەی واتای بوونی خۆی، کە زۆر کات لاوازی جەستەی ڕێگرە لە گەیشتن بەو بوونەی خۆی» (بلاطه، ١٩٨٩: ١٤٦ - ١٤٧). کەسایەتییە مێژووییەکان و ئەفسانەییەکان بەشێکی گرنگی کەلەپووری هەر نەتەوەیەکن. ئەو کەسایەتییانەش یا خوَد ئایینین یا مێژوویی یا ئەفسانەیین، شاعیر شانازییان پێوە دەکات و لە شیعرەکانیدا بە کاریان دەهێنێت. ئەمەش لە ڕابردوو دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ئێستا و خۆی بەوان دەچوێنێت، وەك کەسایەتییەکانی سندباد و قابیل و هابیل و کەسایەتیی پیرۆزی پیغەمبەری خوا محمد (سەلامی خوای لەسەر بێت)، کەسایەتیی حەزرەتی ئەیوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەموو ئەمانە نموونەی شیعرین لە لای سەیاب. یەکێك لەو کەسایەتییە مێژوویی و ئەفسانەییانەی کە لە شیعرەکانیدا بە کاری هێناوە «سندباد»ە، خۆی بەو دەچوێنێت و «وادەبینێت کە سندبادە، شکست خواردو و کەساسە، خوای دەریا دیلی کردووە لە قەڵایەکی ڕەشدا، داوا لە خێزانە بەوەفاکەی دەکات کە چاوەڕوانی نەکات و ئیتر ئەو ناگەڕێتەوە» (عشری زايد، ٢٠٠٦ :٧٨- ٧٩). لە قەسیدەی «رحل النهار»دا دەڵێت:

ها إنه انطفأت ذبالته على أفق توهج دون نار/ و جلست تنتظرين عودة سندباد من السفار/ و البحر يصرخ من ورائك بالعواصف و الرعود/ هو لن يعود/ أو ماعلمت بأنه أسرته آلهة البحار/ فى قلعة سوداء في جزر من الدم والمحار/ هو لن يعود/ رحل النهار/ فلترحلي، هو لن يعود (السياب، ٢٠٠٠: ٢٢٩/١).

*۵-۲-۲- یادی زیندووکردنەوەی ژیاری ونبوو*

نوستالژیا بابەتێکە مرۆڤ لە کۆنەوە هەستی پێکردووە، ئەوەش بابەتی ونبوونی ژیار و شارستانییەتەکانی کۆنە. هۆکاری ئەمەش بۆ دوورکەوتنەوەی مرۆڤەکان و کەمبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان دەگەڕێتەوە لە ئەنجامی پێشکەوتنی ماددیەت و ژیانی شارستانییەتی. ئەم هۆکارە بۆتە هۆی ئەوەی کە خانووی بەرد جێگای سروشتی جوان بگرێتەوە. گەڕانەوە بۆ شارستانییەت و ژیار و فەرهەنگی کۆنی کوردی بەشێکە لە شیعری تازەی کوردی، ئەمەش زیندووکردنەوەی کۆنە لە ئێستادا. چونکە کۆن تەنها لە ئێستادا زیندوو دەکریتەوە. پیرەمێردی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی بەردەوام هەوڵی زیندووکردنەوەی ژیاری کۆن و ونبووی کوردی داوە. لەوانەش گەڕانەوە بۆ ژیانی کۆچەری (هەوارگەی جافان و جەژنی نەتەوەیی نەورۆز) دیارترین ئەو شیعرانەن کە پیرەمێرد زۆر یادیی کردوون و کاریگەری لەسەری جێهێشتووە. سەبارەت بە نەورۆز لە منداڵییەوە *نەورۆزنامەی* خوێندووتەوە و لە بیر و دەروونیدا چەسپاوە. ئەمەش کاریگەری لەسەری جێهێشتووە و بەردەوام هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو ژیارە کۆنەی کوردی داوە. دواتر پیرەمێرد توانی ئەو جەژنە نەتەوایەتییە زیندوو بکاتەوە و بیکاتە جەژنێکی نەتەوەیی، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ زیندووبوونەوەی ئەو ژیارە کۆنە لە ئێستادا.

ئەمـــڕۆژی ســـاڵی تـازەیە، نـەورۆزە هـــاتـەوە　　جەژنێکـی کۆنـی کـوردە، بەخۆشی و بە هاتەوە
(پیرەمێرد، ۲۰۰۹/۱)

مێژووی نەورۆز لە بیری پیرەمێرددا هەر ماوەوە، بۆیە دوای هاتنەوەی بۆ کوردستان بەردەوام یادی کردووتەوە. ئەمەش بوونی خۆشەویستنی ڕابردووە لای پیرەمێرد و بوونی نوستالژیایە لە ئیلهامی شیعری ئەودا.

چەندساڵ، گوڵی هیوای ئێمە، پێ پەستبوو، تاکوو پار　　هەر خوێنی لاوەکان بوو، گوڵی ئاڵی نێو بەهار
(۲۰۰۹: ۱۵۳)

جگە لەم مێژووە، ژیاری کۆنی کورد بەشێکی خۆی لە ڕەوەندی دەبینێتەوە، کە هەست و بیری پیرەمێرد دەخاتە جۆش و وایلێدەکات بەردەوام بیری ئەو ژیارە فەوتاوە بکات و لە ڕابردووەوە بیهێنێتەوە ئێستا و ئاواتی بۆ بخوازێت.کاتێک کە باسی ئەو ژیارە دەکات، وێنەیەکی هونەریی جوان دەنەخشێنێت و خوێنەر دەباتەوە نێو ژینگەیەکی سرووشتی دوور لە مادییەت و ماڵی بەردین.

بۆچـــی نانوێنـــی، وێنـــەی شیرینـــی، نازدارانـــی جـــاف　　وێنـــەی فۆتۆگـــراف
نموونـــەی دەستـــی، پەروەردگـــاربوون　　بـــەدەوری تـــۆدا، گوڵـــی بەهـــاربوون
(۲۰۰۹: ۱/ ۱۸۴)

وێنەکانی ڕابردوو بەشێکن لە ژیاری ونبووی ژیانی کۆچەری کورد، «نازدارانی جاف» وێنەی ڕابردووی ئافرەتی کۆچەری کوردن، بەزم و سازی شەوانی ژیانی کۆچەری جافان و دەنگی ئەسپ و مایین بازی ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر دەروونی پیرەمێرد جێهێشتووە.

دەنگــی نەکیســا و بەزمــی خوسرەویــی      لای محمــود پاشــا ئەکەوتــە نــەوی
ئــاوازەی بــاز و سەقــرِ و باڵەبــان      حیلــەی مایــن و ئەسپــی کحێــلان
(٢٠٠٩: ١٨٤)

شاعیر هەست بەوە دەکات کە ئەوەی کورد هەیەتی هەمووی شانازی و مەردایەتییە. بەجۆریك کاریگەری لەسەر دروستکردووە مردنی ئەو ژیارە بە مردنی خۆی دەزانێت. بۆیە ژیاری ئێستا بە «درِك و داڵ و قەلەرەش» دەچوێنێت کە هەموو نیشانەی مەرگ و وێرانین، شوێنی ئەو ژیارە کۆنە خۆشەیان گرتۆتەوە کە هەبووە:

ئــەو درِک و داڵــە و ئــەو قەل و داڵــە      جێگیــرن لــە شوێــن ئــەو گــەورە ماڵــە
(٢٠٠٩: ١٨٥)

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە پیرەمێرد هەستی بە خەم و دڵتەنگی کردووە، بەهۆی ئەوەی کە ئەو ژیارە لە دەستچووە و ئەو کەلتوورەی کە پێشتر هەبووە جارێکی تر ناگەڕێتەوە، لە تواناشماندا نییە بیگەڕێنینەوە. چوونکە ماددیەت بەسەر ژیانی مرۆڤەکاندا زاڵ بووە و ئەو شارستانییەتە کۆنە بۆتە بەشێک لە ڕابردوو. گەڕانەوە بۆ ڕابردووی کۆن و شانازی کردن بەو ڕابردووە خەسڵەتێکی ڕۆمانسیزمەکانە، کە ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ شارستانییەتە کۆنەکانی سەردەمی یۆنان و ڕۆمانییەکان دەکرد. ئەم کاریگەرییە لە سەر شیعری عەرەبیشدا بەدیدەکرێت، کە یادی ڕۆژگارە پڕ لە سەروەری و شکۆمەندییەکانی سەردەمی پێغمبەر (سەلامی خوای لە سەر بێت) و سەردەمی فتوحات و بەهێزبوونی موسڵمانانیان دەکرد لە سەردەمی خەلافەتەکاندا. شاعیرانی عەرەب هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو شارستانییەتەیان دەدا کە لەدەستیان دابوو، کە پڕ بووە لە سەخاوەت و ئازایەتی و کەرامەت و عیززەت. سەیاب لە قەسیدەی شیعری «فی المغرب العربی» ئەمە بەیان دەکات و دەڵێت:

قرأت اسمي على صخرة.../ وبين اسمين في الصحراء/ تنفس عالم الأحياء/ كما يجرى دم الأعراق بين النبض والنبض/ ومن آجرة حمراء ماثلة على حفرة/ أضاء ملامح الأرض بلا ومض.
(السياب، ٢٠٠٠: ١/ ٤٠٠-٤٠١)

لەم شیعرەدا سەروەریی عەرەب و ئیسلامامان پێشان دەدات. بەڵام لە ئێستادا بۆتە گۆڕستان و شوێنی ئەو هەموو سەروەرییەی گرتۆتەوە کە پێشتر هەبووە. کە واتە لەم شیعرەدا «دەربارەی سەروەری ئیسلام دەدوێت، کە تەنها شوێن پێیەکانی ماوە، کە گوزارشت لە سەروەریی ڕابردوو و

شەرمەزاری ئێستادا دەکات» (حاوی، ١٩٨٣: ٩٧-٩٨). هەموو ئەمانەش وەك گۆڕستانیان لێهاتووە کە مێژووی عەرەبی تێیدا نێژراوە. دەڵێت:

فنحن جمیعا أموات/ أنا و محمد و الله/ و هذا قبرنا: أنقاض مئذنة مغفرة/ علیها یکتب اسم محمد و الله/ علی کسرة مبعثرة/ من الآجر والفخار (السیاب، ٢٠٠٠: ٣٩٥).

هەروەها باسی شارستانییەتی کۆنی عێراق و خواکانی کۆنی سەردەمی بابلی و ئاشورییەکانیش دەکات وەك *تموز* و *أتیس* و *عشتار* لە قەسیدەی شیعری «رؤیا فی عام ١٩٥٦» دەڵێت:

تموز هذا أتیس/ هذا، وهذا الربیع/ یاخبزنا یا أتیس/ أنبت لنا الحب وأحي الیبیس/ التأم الحفل و جاء الجمیع (٤٣٤).

شاعیر هەوڵی داوە کەلتووری نەتەوەکەی کە مایەی شانازین زیندوو بکاتەوە و لە یادی خەڵکیدا بیهێڵێتەوە، چونکە کەلتوور بەشێکە لە شارستانییەت و ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك. سەیابیش هەستی بەوە کردووە کە هەر نەتەوەیەك کەلتوور و شارستانییەتی لە بەین بچێت ئەوا وەکوو گەردێکیان لێدێت کە لە بیاباندا با دەیبات و دەیهێنێت.

## ٦- ئەنجام

فەلسەفەی نوستالژیا بەشێکە لە هەستی مرۆڤەکان و پەیوەستە بە ژیانیانەوە. هەر دوو شاعیر پیرەمێرد و سەیاب هەستیان بەم دیاردەیە کردووە و لەگەڵیدا ژیاون، ئەمەش وایکردووە لە شیعرەکانیاندا ئەم هەستە دەربڕن. هەر دوو شاعیر بەو پێیەی کە نوێخواز بوونە، توانیویانە سوود لەو ڕەوتە تازانە وەربگرن کە هاتونەتە نێو ئەدەبەوە، هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەدەبیاتەکەیان داوە. هەرچەندە نێوانی تەمەنیان زۆر بووە، پیرەمێرد زووتر ئەم جۆرە شیعرانەی نووسیوە، بەڵام لە ڕووی نوستالژیاوە هاوشێوەی یەکن ئەمەش بۆ ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەگەڕێتەوە کە بنەماکانی یەکێکن. هۆکاری دروستبوونی نوستالژیا لەلای هەر دوو شاعیر، دوورکەوتنەوە لە وڵات و زێدی لە دایك بوونە، هەروەها تێکچوونی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە نێوچوونی ژیاری نەتەوەیی هۆکارێکی تری بوونی نوستالژیایە لە شیعری هەر دوو شاعیردا.

پیرەمێرد لە شیعرەکانیدا نوستالژیای مناڵ و خێزان و دایك بەدێناکریت، هەرچەند مناڵی هەبووە و لە تورکیادا بە جێهیشتوون، بەڵام یادیان ناکاتەوە و شیعری بۆیان نەوتوە. بە پیچەوانەوە سەیاب زۆر بە قووڵی یادی خێزانەکەی، «اقبال»، دەکاتەوە، یادی مناڵەکانی بە تایبەت «غیلانی» کوڕی دەکاتەوە، شیعری بۆ دەچڕێت، خەمی گەورە و کۆستی گەورەی ئەوانن. نوستالژیای نیشتمان لای دوو شاعیر جیاوازە؛ لای پیرەمێرد نیشتمان کوردستانە، لای سەیاب نیشتمان

عێراقە بەگشتی. لای پیرەمێرد شاری سلێمانی مایەی ئارامی بەخشینە و بیری دەکات و یادگارییەکانی لەوێ جێهێشتووە. بەڵام لای سەیاب «جیکۆر» ئەو لادێیەیە کە بە تەواوی بیر و هۆش و هەستی لە غوربەت داگیر کردووەوە ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆی. چونکە هەموو یادگارییەکانی مناڵی لەوێ جێهێشتووە. هەر دوو شاعیر خەمی کەلتوور و ژیار و شارستانییەتی نەتەوەکەیان دەخۆن و هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو کەلتوور و مێژووە کۆنە دەکەن کە پێشتر مایەی شانازییان بووە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەر دوو شاعیر کێشەی دیاریکردنی ناسنامەی خۆیان هەیە، بۆیە پەنایان بردووتە بەر زیندووکردنەوەی ژیاری نەتەوەیی و کەلتووری تا بتوانن ناسنامەی خۆیان و نەتەوەکەیان دیاری بکەن.

## سەرچاوەکان

**کوردی:**


بێکەس، شێرکۆ (۱۹۸۸). *دەربەندی پەپوولە*. سلێمانی: چاپخانەی بێسارانی، چ۳.

جەبار، ئاسۆ (2004). «مۆدێرینە حیکایەتەکان». گۆڤاری *رەهەند*، ژمارە ۱۷-۱۸.

قادر، سەعدی سەرکەوت (۲۰۱۰). *نامۆیی لە رۆمانەکانی سەڵاح عومەردا*. نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین. کۆلێژی پەروەردەی هەولێر.

مەلا کەریم، محمد،() *دیوانی نالی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدول کەریمی مودەریس و فاتیح مەلاکەریم. بغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

ئاشنا، ئومێد (۲۰۰۹). *کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانی پیرەمێرد*. هەولێر: دەزگای ئاراس، چاپی دووەم.

--- (۲۰۰۹). «دیوانی پیرەمێرد». گۆڤاری *ژیان*، ژمارە ۴۸۳.


**عەرەبی:**


ابن منظور، محمد بن مکرم (۱۹۸۸). *لسان العرب*. بیروت: دار إحیاء التراث العربی.

إسماعیل، عزالدین (۱۹۸۸). *الشعر العربی المعاصر قضایاه و ظواهره الفنیة و المعنویه*. بیروت: دارالعوده. الطبعه الخامسه.

بدوی، عبده (۱۹۸٦). *قضایا حول الشعر*. الکویت: ذات السلاسل.

بلاطه، عیسی (۱۹۸۱). *بدرشاکر السیاب حیاته وشعره*. بیروت: دار النهار للنشر، الطبعة الثالثة.

بلوحی، محمد (۲۰۰۰). *الشعر العذري في ضوء النقد العربي الحدیث*. دمشق: اتحاد الکتاب العرب.

حاوی، ایلیا (۱۹۸۱). *بدر شاکر السیاب شاعر الاناشید والمراثي*. بیروت: دار الکتاب اللبناني، الطبعة الثالثة.

حسن فهمی، ماهر (۱۹۸۱. *الحنین و الغربة في الشعر العربي الحدیث*. الکویت: دار القلم، الطبعة الثانیة.

حلبی، احمد طعمة (۲۰۰۷). *التناص بین النظریة و التطبیق شعر البیاتی نموذجا*. دمشق: الهیئة العامة السوریة للکتاب.

حمود، محمد العبد (١٩٩٤). *الحداثة في الشعر العربي المعاصر بيانها و مظاهرها*. بيروت: الطبعة الثانية.

راضي جعفر، محمد (١٩٩٩). *الاغتراب في الشعر العراقي*. دمشق: اتحاد الكتاب العرب.

ريتشارد، شاخت (١٩٨٠). *الاغتراب*. ترجمة كامل يوسف حسين. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الثانية.

زامل، صالح (٢٠٠٣). *تحول المثال- دراسة لظاهرة الاغتراب في شعر المتنبى*. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر.

السياب، بدر شاكر (٢٠٠٠). *ديوان*. (المجلد الأول و المجلد الثانى). بيروت: دار العودة.

الشاروقى، حبيب (١٩٧٩). *الاغتراب فى الذات*. الكويت: عالم الفكر.

عشرى زايد، على (٢٠٠٦). *استدعاء الشخصيات التراثية في الشعر العربي المعاصر*. القاهرة: دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع.

العشماوى، محمد زكى (١٩٨٦). *دراسات في النقد الادبي المعاصر*. بيروت: دار النهضة العربية.

المغنيه، احمدجواد (٢٠٠٤). *الغربة في شعر محمود درويش*. بيروت: دار الفرابى.

**فارسی:**

آریان‌پور، منوچهر (١٣٨٠). *فرهنگ پیشرو آریان پور*. تهران: جهان رایانه.

باطنی، محمدرضا (١٣٨٠). *فرهنگ معاصر انگلیسی – فارسی*. تهران: فرهنگ معاصر.

فورست، لیلیان (١٣٨٠). *رمانتیسم*. ترجمه مسعود جعفری. تهران: مرکز.

نفیسی، سعید (١٣٧٥). *فرهنگ فرانسه به فاررسی*. تهران: انتشارات صفر علیشاه، چاپ هفتم.